عومەیری: سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستوریەکانە



سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محەمەد عەبود عومەیری، دووپاتیکردەوە کە سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستووریەکان و سیستەمکی دروستی هەبژاردن هەیە.

راگەیاندنی دادگای باڵای فیدراڵی لێراگەیەندراوەکدا باویکردەوە" سەرکی دادگای باڵای فیدراڵی، دادوەر جاسم محەمەد عەبود، لە بارگاکی لە دادگای باڵای فیدراڵی لە بغدا پشوازی لە ماوریسیە کریکانتی باڵیۆزی ئیتاڵیا لە بغدا و شاندی یاوەری کرد.

لە میانی دیدارکدا باسیان لە پەرەپدانی پێوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەست و بەرزکردنەوەی هاوکاریی هاوبەش لە هەموو بوارکاندا و پێویستی پێوەندی و کبوونەوەی بردەوام بە ئاوگەی یاسایی و شارەزایی لە بواری دادوەری دەستووری کرد بەهی گرنگیەکی لە پاپشتیکردنی پرسەی دیموکراسی بە گیشتن بە سەروەری یاسا و دەستوور، و دادگای باڵای فیدراڵی لە بغدا ئاسەی پێوەندی لگەڵ هاوتاکانی لە جیهانی عەرەبی و نێودەوڵەتیدا کردوتەوە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەئەزموونی وڵاتان لەم بوارەدا بە پشتیوانیکردن لە پرسەی سیاسی و دیموکراسی لە عێراقدا.

ئاماژەی بەوشکرد" ئەو بیارانەی لەدادگای باڵای فیدراڵی دەرچووە سەبارەت بە مووچەی فەرمانبەران

و خانەنشینان و سەرجەم فەرمانبەرانی دەزگاکانی دەوڵەت لە هەرێم تاوتوێ کران.

عومەیری ڕوونکردەوە کەدەستووری کەماری عێراقی ساڵی 2005 بنەما سەرەتاییەکانی ماف و ئازادییەکانی بە گشتی عێراق دەستەبەرکردووە کە دەبنە هۆی پیادەکردنی خاڵ بە خاڵی ئەو ماف و ئازادییانە، گرنگترینی ئەو بناغانەش ئەوەیە یەکسانی لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (١٤)ی، گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (٦)ی دەستوور، و یەکسانی و دەرفەتەکان لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (١٦) و ئازادی دامەزراندنی و پێویست بوون بە پارتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای بڕگەکانی مادەی (٣٩)ی دەستوور، ئاماژە بۆشی کرد کە سیستەمی دیموکراسی لە عێراق پێویستی بە بنیاتنانی دامەزراوە دەستووریەکان و سیستەمێکی دروستی هەڵبژاردن هەیە، لەوانەش بوونی یاسایەکی دادپەروەرانەی هەڵبژاردن و کەمیسیۆنێکی سەربەخۆی هەڵبژاردن، لەگەڵ پێویستی بە لێبڕچاوگرتنی بڕگەکانی مادەی (١١٠)ی دەستوور سەبارەت بە دەسەاتە تایبەتەکانی دەسەاتە فیدراڵیەکان و مادەی (١١٧)ی دەستوور سەبارەت بە پەسەندکردنی دەستووری کەماری عێراق لەگەڵ چوونە بواری جێبەجێکردنی لەهەرەمی کوردستان و دەسەاتە هێبووەکانی وەک هەرەمێکی فیدراڵی.